KURDISTAN NET کوردستان نێت

# تراژیدیای "ئەبدوڵلا پەشێو" لە گەمەی دەستەڵاتی زاڵدا،

پۆلا سەعید

لەمێژبوو هەوادارانی دەستەڵاتی زاڵ، چاوەڕوانی ئەوە بوون هەلێکی مێژوویییان بۆ هەڵبکەوێت هەتا قەرزی بریینی "ماچ" بە زیادەوە لە پەشێوی مەزن بسەندنەوە. ماچ ئەو گورزە بەئێشەی ڕەخنەی ڕۆشنگەریی کورد بوو، کە لەناو دەمی هەڵەی ڕامیاریی مێژوویی کورد سرەوێندرا. کەممان هەبووین لەژێر شەستە و ڕەهێڵەی کۆچ دا سەری گریە و غەممان بەرانبەر ئەم هەڵوێستەی سەرداری کورد لە کۆش نەنێین. بەڵام پێنووسە دیلەکانی بەرژەوەندیی دەستەڵات و پارە و پوول بەلێشاو چوون بەگژ ڕەخنە کاراییە هونەرییەکەی پەشێودا. لەکاتێکدا تاکە نووسەر و بوێژێک لەوانە چییە، لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری نەوەت و یەکدا فیشەکێکیان بۆ کورد نەتەقاندبوو. ئەو نووسەر و بوێژانەشی چوون بەگژ پەشێودا لە سەردەمانی شۆڕشی سەختی شاخ دا هەر مووچەخۆری دەستەڵات بوون، بۆیە ئەوان نانێکیان لەم کاسپییەدا دەستکەوتبوو، هەربۆیە ئەم هەڵوێستەشیان ببووە کارێکی سروشتیی و هەمیشەییی. لە سەردەمانی"پاشکۆی ئێراق و هاوکاریی و ئاسۆ" دا، هەمان ئەم نووسەر و بوێژانە، بوێژ و نووسەری چەند دینارێک بوون، کە وەک بەخشیش پێیان دەدرا. ئاخر بۆیە لای ئەم جۆرە نووسەرانە گەمەکردن بە وشە و دڵداریی هونەری پەیڤین و نووسین کاسپیی‌یە. نووسەری یاخیی پەشێوئاسا سەر بۆ لووتکەی هیچ دەستەڵات و سامانێک شۆڕ ناکات. ئەو لە پێناوی گۆڕانی سیستێمێکی زاڵ و کلاسیکدا  چەکێکی مۆدێرنی پێنووسی کردۆتە شان و سەنگەرێکی هەتا گەردن بە لۆگیک و سەلیقەوە لە هەڵە ڕامیارییەکانی سەرانی کورد هەڵکەندووە. گۆڕانکارییەکانی تەکنەلۆژیا و سیستێمی ڕامیاریی بەڕێوەبردنی جیهان و ئاشنابوونی کۆمەڵگا جیاجیاکانی سەررووی جیهان لەگەڵ هەنگاوەکانی گلۆباڵ دا، نەگ بەتەنها  تازەگەریی هێنابێتە ناوگەردوونی ئەدەب و هونەر و سینەماو... هتد.ەوە بگرە سیاسەتمەندارانیش سوودێکی زۆریان لەم گۆڕانە وەرگرتووە. ئەم پریشکە کۆمەڵگای کوردیشی گرتۆتەوە. هەربۆیە لەڕێگای ئەم سیستێمە نوێیەی دونیای ئینتەرنێتەوە دەستەڵاتدارانی کورد، لە ڕێگای دەزگا سیخوڕیی و تەنیینیەکانیانەوە کەوتوونەتە کووچە و شەقامەکانی ئینتەرنێت و کون و قوژبن بەدوای نەیارانیاندا دەگەڕێن و بە چەکی ڤیرۆس و هاک قەرزی کۆنیان لێوەردەگرنەوە. هەتا چەند ساڵێکیش لەمەوبەر ڕامیارکاران و لایەنە ڕامیارییەکانی کورد مەیلیان بۆ دونیای ئینتەرنێت نەبوو، ئێستا کە دەزانن ئینتەرنێت گەورەترین کاریگەریی لەسەر جیهان و کۆمەڵگا هەیە، ئەمانیش هەوڵی تاودانی ئەسپی خۆیان لەم سەرایەدا ئەدەن و ئەندامە سیخوڕەکانیان وەکوو مریشک لەسەر ئینتەرنێت کڕدەکەوێنن. لە دوای ڕاپەڕینەوە هەتا ئێستا ئارەقەی تەوێڵی پێشمەرگەی دێرین و خوێنی گەشمردە گەورەترین چەکی دەستی دەستەڵاتدارانە بۆ داخستنی دەمی ڕەخنەی ڕووناکبیران. ئێستا کە دەزانن ئەو چەکە دیوارە پان و بەرینەکانی هۆشی

www.kurdistannet.org

ڕووناکبیری کورد ناشکێنێت، گەڕاونەتەوە بۆ ساڵی پەنجا و شەستەکان و چەکی ئابڕوویان کردۆتە شان. هەربۆیە ئەم چەکە بە گڕەوە خۆی کرد بە کۆمپیوتەرەکەی پەشێوی مەزندا و وشە بە وشەی پەشێویان وەک لاشەیەک بەدوای گالیسکەی تارییکی خۆیانەوە کۆڵان بە کۆڵان و سایت بە سایت و ماڵپەڕ بە ماڵپەری ئینتەرنێت ڕادەکێشا. ئەم ڕەوشتەی سیخوڕانی دەستەڵاتی زاڵ بێجگە لە ناشیرینترکردنی ڕووخساری دزێوی خۆیان نەبێت تۆزقاڵەزەرڕەیەک چییە، گەورەیی پەشێو لە کۆمەڵگای کوردەواریی دا کەمناکاتەوە. ئێوەی نەخوێندەوار کە پێتان ناکرێت بەرەنگاری دەق و ناوەڕۆکەکانی پەشێو بەزمانی لۆگیک و ڕەخنە ببنەوە، ئەم کردەوەیەتان سێنتیمەترێک چییە بۆ پێشەوەتان نابات و بۆ چرکەیەکیش چییە دڵی جەماوەر نابەنەوە. ئێوە ئەو کاتە گەورەتر دەبن کە بەڕێزەوە باوەش بۆ ڕووناکبیرانی کورد بگرنەوە. ئێوە کاتێک لای جەماوەر و ڕووناکبیرانیش گەورە دەبن کە کەمێک چیکڵدانەی وەرگرتنی ڕەخنەتان گەورەتر بکەن. ئەگەر پەشێو بیەوێت ئەم کارە بکات، ئەوا دەتوانێت کۆمپیوتەرەکەی بداتە دەستی پۆلیس و ئەوان پشکنینی کۆمپیوتەرەکەی دەکەن و بەدوای جێگاپێی ئەو هاککەرەدا دەگەڕێن و بەهێزی یاسا لە هەرکوێیەک بێت ڕایدەکێشنە بەردەمی دادگا و بە سزای خۆی دەگەیەنن. پەشێو لە چوارچێوەی ژییانی تایبەتی خۆیدا دانیشتووە و پەلاماری کەسی نەداوە، بەڵام هاککەرێکی سیخوڕی دەستەڵاتی زاڵ چاونەترسانە و بێ ڕەوشتانە هێرش دەباتە سەرژییانی پەشێو بەنیازی سەندنەوەی قەرزی کۆن. پەشێو زۆر لە ئێوەی دیل زیاتر دڵسۆزی گەل و نیشتیمانەیەکەتی، متمانەی پەشێو لە کۆمەڵگای کوردەواریی دا زۆر لە ئێوە زیاترە. بە دڵنیاییەوە هەمانکات زۆرڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم، ئەگەر هاتوو پەشێو لە کوردستان دا خۆی بۆ هەر پۆستێک لە دەستەڵاتی دەوڵەتی هەرێم دا هەڵبژێرێت، ئەوا بۆڕی هەموو دەستەڵاتدارانی لایەنەکان دەداتەوە. پەشێو جێگای متمانەی گەلە بەڵام مەخابن ئێوە نەخێر. پەشێو گەر دڵدارییش بکات، مافێکی ڕەوای خۆیەتی، خۆ پەشێو وەک لێپرسراوەکانی ئێوە بە زۆری زۆرداریی کەسی نەخستۆتە نێو لنگی خۆیەوە. بەڵام لێپرسراوانی ئێوە هەم بە زەبری پارە هەم بە زەبری دەمانچە و شەق چەندیین ژنی کوردیان خستۆتە ژێر ئارەزووە شەهوانییەکانی خۆیانەوە. ئەگەر من ژن بوومایە ئەوا بە دڵنیاییەوە هەموو ئەو کاتانەی کە هۆنراوەیەکی ڕۆمانسیی پەشێو بخوێنمەوە تەڕ تەڕ تەڕ تەڕ دەبم. کەواتە لێرەدا هەستێکی جوان من بۆ لای ئەو زاتە ڕادەکێشێت، نەگ زرمەی تفەنگ و شەق و دۆلار و پێدانی جێگای کارێک لە هەر دامودەزگایەکی دەوڵەتدا بێت. کە من هۆنراوەیەکی نەتەوەییی پەشێو دەخوێنمەوە هەرچی مووی لەشم هەیە گرژ دەبێت و پێمخۆشە شەڕواڵێکم چنگ بکەوێت و بە هونەری سەلیقە و چەکەوە بچم بۆ سەنگەری خەبات. بەڵام پەشێو زۆر لەئێوە گەورەترە چرای پەشێو بە تارییکیی هەڵوێستی ئێوە ناکوژێتەوە برۆن سەر لە بەغداد قوون لە تاران، ئێوە جارێکی تر هەڵۆی دەنگی یاخیی ئەم گەلەتان پێ ناگیرێتەوە.

08.08.04

www.kurdistannet.org